The
Electoral
Commission

# دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی سکۆتلەندی 2022

## پرسیارە باوەکان بۆ سکۆتلەندییە نوێیەکان

### ئایا دەتوانم لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی 2022دا دەنگ بدەم؟

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەن لە 5ی مەی 2022، لە ڕۆژی پێنجشەممە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر هاوڵاتییەکی بێگانەی شیاوی دانیشتووی سکۆتلەندایت کە تەمەنت 16 یاخود سەروترە و تۆمارکراویت بۆ دەنگدان، دەتوانیت بەشداری بکەیت لە دەنگدانەکەدا. بێگانەیەکی شیاو بریتییە لەو دانیشتووەی کە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتووە و مۆڵەتی هاتنەناوەوە و مانەوەی هەیە لە شانشینی یەکگرتوو، یان ئەوانەی کە پێویستییان بەم جۆرە مۆڵەتانە نییە.

ئەگەر پرسیارت هەیە دەربارەی خۆ تۆمارکردن بۆ دەنگدان، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ئۆفیسی تۆماری هەڵبژاردنی (Electoral Registration Office) ناوخۆییەکەتەوە. وردەکاریی پەیوەندی پێوەکردنیان بدۆزەرەوە بە داخڵکردنی پۆستکۆدەکەتەوە لە electoralcommission.org.uk/i-am-a/voter/your-election-information.

### ئەنجومەن چی دەکات؟

کاتێک لەم هەڵبژاردنەدا دەنگدەدەیت، تۆ دەنگ بە پاڵێوراوێک دەدەیت کە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی ئەنجومەن. ئەندامی ئەنجومەن نوێنەری تۆ دەکات لە ئەنجومەنی ناوخۆ. ئەنجومەنەکان بەرپرسن لەسەر بڕیاردان دەربارەی ئەوەی کە چۆن پارە خەرجدەکرێت بۆ خزمەتگوزارییە گشتییە ناوخۆییەکان. ئەمانە پەروەردە، چاودێری کۆمەڵایەتی، خانوبەرە، خزمەتگوزارییەکەنی کاتبەسەربردن، کۆکردنەوەی خاشاک و ڕیسایکلین، زۆرشتی دیکەش لە خۆدەگرێت.

هەر ئەنجومەنێک لە سکۆتلاندا دابەش دەبێت بۆ ناوچەی بچوکتر کە پێیان دەوترێت `بەشەکان`. هەر بەشێک لە ڕێگەی تا پێنج ئەندامی ئەنجومەنەوە نوێنەرایەتی دەکرێت.

### بۆچی خۆم تۆماربکەم بۆ دەنگدان؟

گەر دەتەوێت ڕای خۆت هەبێت دەربارەی ئەوکێشەنای کە بەلاتەوە گرنگن و دەبێت کێ نوێنەرایەتی تۆ بکات لە ئەنجومەندا، پێویستە خۆت تۆمار بکەیت بۆ دەنگدان.

### چۆن خۆم تۆماربکەم بۆ دەنگدان؟

دەتوانیت بە شێوەیەکی ئۆنلاین لێرە gov.uk/register-to-vote خۆت تۆمار بکەیت. تەنها پێنج خولەکی پێدەچێت، تەنها ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە هەندێک وردەکاری کەمە، لەوانە ژمارەی کارتی بیمەی نیشتیمانی (National Insurance Number) و بەرواری لەدایک بوونتە. کۆتا بەرواری خۆتۆمارکردن لە هەڵبژاردنی حکومەتی خۆجێیی 2022 بۆ دەنگدان بریتییە لە **نیوەشەوی 18ی ئەپریلی 2022**.

ئەگەر ژمارەی کارتی بیمەی نیشتیمانیت نییە، دەبێت لە داخوازینامەی خۆ تۆمارکردنەکەتدا ئەوە بەیان بکەیت و دوواتر بەردەوامبیت تا ناردنی. لەوانەیە ئەفسەری تۆمارکردنی هەڵبژاردنی ناوخۆیی دوواتر پەیوەندیت پێوەبکات بۆ ئەوەی بەڵگەی دۆکۆمێنتاری دابین بکەیت بۆ سەلماندنی شوناسی خۆت.

ئەگەر بۆ خۆتۆمارکردنەکەت هاوکاریت پێویستبوو، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ئەفسەری تۆمارکردنی هەڵبژاردنی ناوخۆیی. وردەکارییەکانی پەیوەندی پێوەکردنیان بدۆزەرەوە بە داخڵکردنی پۆستکۆدەکەتەوە لە electoralcommission.org.uk/i-am-a/voter/your-election-information.

## ئایا ناچارم دەنگبدەم

لەهەموو هەڵبژاردنەکانی سکۆتلەندا، دەنگی تۆ هی خۆتە. تۆ بڕیار دەدەیت کە ئایا دەتەوێت دەنگبدەیت یان نا و دەتەوێت دەنگەکەت بۆ کێ بێت. ئەوە شتێکی نایاساییە کە هەر کەسێک بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان کاریگەری بخاتەسەرت کە پێچەوانەی ویستی خۆت دەنگبدەیت.

## چۆن بڕیار بدەم کە دەنگ بۆ کێ بدەم؟

لیستی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنەکە لەهەر بەشێکی ئەنجومەندا عادەتەن دوو هەفتە پێش هەڵبژاردنەکە لە ویبسایتی ئەنجومەندا بەردەستە. تۆ دەبێت بیربکەیتەوە کە دەبێت چ کەسێک نوێنەرایەتی تۆ بکات. ڕەنگە بۆچونەکانت یان ئەو کێشە لە پێشینانە هاوبەش بکەن کە بەلاتەوە گرنگە.

## دەبێت بچم بۆ چ شوێنێک بۆ دەنگدان؟

هەر کەسێک لە خانەوادەکەت کە تۆمارکرابێت بۆ دەنگدان، کارتێکی دەنگدانی پێدەگات پێش هەڵبژاردنەکە. کارتی دەنگدانەکەت پێت دەڵێت کە دەبێت بچیت بۆ چ شوێنێک بۆ دەنگدان.

## چی ڕوو دەدات کاتێک دەچم بۆ دەنگدان؟

کاتێک دەگەیتە وێستگەی دەنگدانەکە ئەندامێکی ستافەکە داوای ناو و ناونیشانت لێدەکات و دوواتر پەڕەیەکی دەنگدانت پێدەدات. دوواتر ڕەوانە دەکرێیت بۆ کابینەی دەنگدان کە لەوێدا دەتوانیت بە شێوەیەکی نهێنی پەڕەی دەنگدانەکەت پڕبکەیتەوە.

بۆ ئەم هەڵبژاردنە لەرێگەی بەکارهێنانی ژمارەوە دەنگدەدەیت. لە پەڕەی دەنگدانەکەتدا لیستی هەموو ئەو پاڵێوراوانەی تێدایە کە خۆیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی ئەنجومەن لە بەشەکەی تۆدا. تۆ داوات لێدەکرێت کە بەڕیزبەندی ژمارە بدەیت بە پاڵێوراوە دڵخوازەکانت لەرێگەی هەڵبژاردنی 1، 2، 3 وە بەم شێوەیە. تۆ پێویست ناکات ژمارە بدەیت بە هەموو پاڵێوراوەکان. ئەگەر هەڵەیەکت لە پەڕەی دەنگدانەکەتدا کرد دەتوانیت داوای دانەیەکی نوێ بکەیت.

پەڕەی دەنگدانەکەت بەم شێوەیە دەبێت:

[NAME OF COUNCIL] – [NAME OF WARD]

**[Number to be elected] of the candidates listed below will be elected.**
**You can make as many or as few choices as you wish.**

Put the number **1** in the voting box next to your **first** choice.
Put the number **2** in the voting box next to your **second** choice.
Put the number **3** in the voting box next to your **third** choice. **And so on.**

| | |
|---|---|
| **ANDERSON** Hans<br>57 Easter Road, Anytown<br>**Rowan Party** | |
| **CRANSTON** Helen<br>912 Main Street, Anytown<br>**Beech Party** | |
| **FLEMING** Douglas Martin<br>112 South Street, Anytown<br>**Independent** | |
| **HAMILTON** Flora<br>45 Hill Place, Anytown<br>**Willow Party** | |
| **KUMAR** Kuldip<br>3 Castle Wynd, Anytown<br>**Elm Party** | |
| **MACDONALD** Donald Alexander<br>4 Elgin Ave, Anytown<br>**Oak Party** | |
| **MACKENZIE** Robert William Sutherland<br>192 Blackhall Road, Anytown<br>**Independent** | |
| **MASTERS** Susan Caroline<br>93 Holyrood Road, Anytown<br>**Sycamore Party** | |

## ئایا دەنگەکەی من بە نهێنی دەمێنێتەوە؟

بەڵێ. دەنگەکەت تەنها هی خۆتە و تۆ ناچار نیت بە هیچ کەسێک بڵێیت کە چۆن دەنگتداوە. کاتێک کە دەنگەکەتت خستەناو سندوقی دەنگدانەکەوە، یان بەشێوەی پۆستە گەڕایەوە، دوواتر بەشێوەیەکی سەلامەت و نهێنی دەپارێزرێت تاکو هەموو دەنگەکان ئامادەدەبن بۆ ژماردن. هەموو پەڕەکانی دەنگدان پێکەوە تێکەڵ دەکرێن و هەربۆیەش هیچ کەس ناتوانێت بڵێت کە چۆن دەنگتداوە.

## من خەمی کۆڤید-19مە، ئەگەر خۆم بێم سەلامەت دەبم؟

شوێنی دەنگدانەکان شوێنێکی سەلامەت دەبن بۆ دەنگدان. پاکوخاوێنی و مەودای دووری لە شوێنەکەدا لەوانەیە هاوکارتبێت بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بمێنیتەوە لە ناوچەی دەنگدانەکەدا. ئەمانە ڕەنگە تەعقیمی دەست، دیاریکردنی شوێن لەسەر زەوییەکە و ماسککردنی دەموچاو لەخۆبگرێت.

ئەگەر واتپێباشترە کە دەنگدانەکەت لەڕێگەی پۆستەوە بێت یان لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە کە نوێنەرایەتی تۆ بکات، دەبێت سەرەتا خۆت تۆمار بکەیت بۆ دەنگدان دوواتر داوا بکەیت کە دەنگدانەکەت لەڕیگەی پۆست یان پرۆکسە(وەکالەت)وە ئەنجام بدەیت. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر دەربارەی دەنگدان بەشیوەی پۆست یان پرۆکسی سەردانی electoralcommission.org.uk/voter بکە یان پەیوەندی بکە بە ئەفسەری تۆماردکردنی دەنگدانی ناوخۆیی.

## لەکوێ دەتوانم زانیاری زیاترم دەست بکەوێت؟

دەتوانیت زانیاری زیاترت دەست بکەوێت دەربارەی دەنگدان لە electoralcommission.org.uk//voter، یان لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە هێڵی یارمەتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لەڕێگەی ژمارە 08003280280.